گردبوونەوەیەکی هاوپشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغداد

ئەمڕۆ هەینی، گردبوونەوەیەکی هاوپشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە بەغداد دەستی پێکرد.

ئاژانسی هەواڵی فەرمی بڵاویکردەوە: "هەزاران کەس لە خۆپیشاندەرانی لایەنگری بەرگری ئیسلامی و بە بەشداریی سەرجەم گروپەکانی بەرگری، گردبوونەوەیەکی هاوپشتییان لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئێران ڕێکخستووە."

ئاماژەی بەوەش کرد کە: "لە گردبوونەوەکەدا سەرکۆنەی ئەو هەڕەشە سەربازییانە کرا کە ئاراستەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێن."